عێراق و تورکیا لەسەر گەڕاندنەوەی ئارەزومەندانەی ئاوارە عێراقییەکان ڕێککەوتن

لە ئەنقەرە وەزیری ناوخۆی تورکیا عەلی یەرلیکایا پێشوازی کرد لە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، ئیڤان فایەق.

عەلی یەرلیکایا لە هێزماری خۆی لە تەڵەی کەمەڵایەتی ئەکس بەاوی کردەوە، لە ئەنقەرە پێشوازی کردووە لە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، ئیڤان فایەق و شاندێکی یاوەری، بەپێی پێیامێکی عەلی یەرلیکایا، لەمیانی دیدارێکدا یادداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن لە نێوان هەردوو وەڵات بە "بەرەنگاربوونەوەی کۆچی نایاسایی و گەڕاندنەوەی ئارەزومەندانەی ئاوارە عێراقییەکان لە تورکیا" واژوو کراوە.

وەزیری ناوخۆی تورکیا وەرای دەربڕینی خۆشحالی خۆی لەو دیدار و لێکتێگەیشتنە، جەختی لەوەش کردووەتەوە کە هەردوو وەڵات لەمەولاوە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی کۆچی نایاسایی هاوکاری یەکتر دەبن.